به بۆنەی بیست و دووەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# ڕامان لە نێوان ڕەخنەی ئەدەبی و کرمی ئاوریشمدا

**جەبار جەمال غەریب**

لە ماوەی بیست ساڵی ڕابوردوودا، بەهۆی ئەو کەشە گونجاوەی لە کوردستانی باشوور هاتبووە ئارا، بە دەیان و بگرە بە سەدان گۆڤار و ڕۆژنامەی ئەدەبی بڵاوبوونەوە، هەریەک لەو گۆڤارانە لە کاتی جیاواز و بەهۆی جیاوازەوە وەستان، تاکە گۆڤار بە سەری بڵند و کاری پڕ شکۆوە مایەوە، ڕامان بوو. بەوەش نامەوێ هیچ لە جوانی و داهێنانی گۆڤارە ناوازەکانی دیکە کەم بکەمەوە، تەنیا نیازم نیشاندانی شوێنی گۆڤاری ڕامان و بەردەوامییەکەیەتی.

هەر لە سەرەتاوە ڕامان وەک گۆڤارێکی بەتەواوی ئەدەبی دەستی پێکرد و لەگەڵ بەتەمەن بوونیشی ئەو ڕێبازەی خۆی زیاتر پاراست، ئەوەش شانازییە هەم بۆ بەڕێوەبەرانی گۆڤارەکە و خودی گۆڤارەکەش کە سەرەڕای ئەو هەموو کێشە قورسە سیاسی و حزبییانەی سەری لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەرهێنا و بەتەواوی هەموو جومگەکانیشی تەنییەوە، گۆڤاری ڕامان هەر دوور لە حزبایەتی و کێشە سیاسییەکان ڕاوەستا، ئەوەش هەیبەتێکی تەواو جیاوازی پێ بەخشی.

ناکرێ لە نووسینێکی وا کورتدا ئەو گۆڤارە دەوڵەمەندە بەتەواوی بەسەرکەمەوە، بەڵام دەکرێ چەند تایبەتمەندییەکی بنووسم:

**یەکەم:** گۆڤاری ڕامان یەکەم گۆڤارە بەوپەڕی بوێرییەوە سینگی لاپەڕەی یەکەمی بۆ شیعر واڵاکرد، لە کاتێکدا لە زۆر شوێنی دیکە بانگەشەی مردن و نەمانی شیعریان دەکرد. ڕاستییەکەشی تەنیا ئەوە بوو کە برادەرانی ڕامان بە ڕاشکاوی شیعر و ناشیعریان لێک جیادەکردەوە، دەزگاکانی دیکە لەبەر نەبوونی ڕوئیایەکی ڕوون بۆ هونەر و سیحری زمان، شیعر و ناشیعریان پێ لێک جیا نەدەکرایەوە، بۆیە شیعریان بە شێوەیەکی گشتی سزادا و خستیانە پەراوێزەوە، ئەوەش زیانێکی توندی بە میزاجی شیعر و ڕوحیەتی داهێنانی شاعیران گەیاند، ڕامان بەو گرینگیدانەی بە شیعر ویستی کەمێک لەو دڵشکانە کەم کاتەوە.

**دووەم:** بابەتی دووەم کە لە گۆڤاری ڕاماندا گرینگی پێ دەدرا و پشتی دەگیرا چیرۆک بوو، بەڕاستی ئەو گەشەکردنەی چیرۆک لەو ماوەیەدا بەخۆیەوەی دی شوێن دەستی گۆڤاری ڕامانی پێوە دیارە، هەم لە ناساندنی چیرۆکنووسی تازە و هەم لە بەهێزکردنی ئەزموونی ئەوانەی پێشتر دەستیان پێکردبوو، بووە مەیدانێکی فراوانیش بۆ بە ئەزموونەکان.

**سێیەم:** لێکۆڵینەوە لە لاپەڕەکانی ڕاماندا بەشی شێری بەرکەوتووە، ڕاستە لێکۆڵینەوەکان هەمەچەشنن، بەڵام ئەوە هەرگیز لەسەر حیسابی دەوڵەمەندی لێکۆڵینەوەکان نەبووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەموو

لێکۆڵینەوەیەک وەک کارێکی زانستی سەیرکراوە و هەموو پێویستییەکانی لێکۆڵینەوەی تێدا ڕەچاوکراوە، بەرادەیەک کە لێکۆڵینەوە هەرە گرینگەکانی بواری فەلسەفە و ئایینناسی و ئەفسانەناسی ئەو ماوەیە لەوێدا بڵاوکراوەتەوە.

**چوارەم:** داهێنان خەمی یەکەمی گۆڤارەکە بووە، هەر لەبەر ئەوەش بڵاوکردنەوەی شیعرێک، یان چیرۆکێک، یان لێکۆڵینەوەیەک لە ڕامان تەنیا بڵاوکردنەوەیەکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو ددانپێدانانێکیش بووە بە ئاست و توانایی هونەری و هێزی داهێنانی نووسەرەکەشی، بۆ ئەوەش ڕامان قوربانییەکی گەورەی داوە، یان ڕاستتر بڵێم ئەدەبیات بەتایبەتتر ڕەخنەی ئەدەبی قوربانییەکی گەورەی داوە، بەوەی یەکێک لە باشترین و دیارترین ڕەخنەگری حەفتا و هەشتاکانی بۆ خۆی بردووە، ڕوونتر ئازاد عەبدولواحید کە یەکێکە لە گرینگترین و دیارترین ڕەخنەگرەکانی چارەکی کۆتایی سەدەی ڕابوردوو، بەرادەیەک هەموو نووسەرێکی ئەدەبی لە دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکەی دڵەڕاوکێی ئەوەی هەبوو بزانێ ئازاد عەبدولواحیدی گەنج چی لەبارەوە دەنووسێ و چۆنی هەڵدەسەنگێنێ، لە دوای گرتنە دەستی پرۆژەی ڕامان (من ڕامان زیاتر وەک پرۆژەیەکی ئەدەبی دەبینم) ئیدی توانستە ئەدەبییەکانی بەتەواوی لەسەر لاپەڕە و ڕۆژنامەکانەوە دەگوازێتەوە ناو گۆڤاری ڕامان، واتا ڕامان بە تواناییەکی ڕەخنەییەوە بەڕێوە دەچێ. هەموو هەڵبژاردنی شیعرێک بۆ ئەوەی هەلی ئەوەی هەبێ لە ڕاماندا بڵاوبکرێتەوە، ئەوە جۆرێکە لە چاودێری و سەلیقەی ئەو پیاوە بەسەر ئەدەبەوە، ئەوە جۆرێکە لە دانانان بە ئاستی ئەو شیعرەدا. ئەو تێڕوانینە بۆ چیرۆک و ڕەخنەی ئەدەبی و بابەتەکانی دیکەش ڕاستە. ئەگەر ئەم نووسینە هەناسەی ئەوەندە درێژ بوو بکەوەمەوە ناو ئەو بابەتەوە کە من ناوم ناوە (نەوەکانی ڕامان) زیاتر ڕوونی دەکەمەوە.

**پێنجەم:** ئەوەی ڕامان لە تەواوی گۆڤارەکانی دیکە جیا دەکاتەوە ڕێنووسە، بەدواداچوونی بەردەوام بۆ هەموو وشەیەک، بۆ هەموو ڕستەیەکە، بۆ هەموو بابەتێک، ئەوەش وای کردووە کە لە ڕاماندا کەمترین هەڵەی ڕێنووست بەرچاو بکەوێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە بەتەواوی ڕەچاوی یەکگرتوویی ڕێنووسیان کردووە، بەتایبەتی لەو بابەتانەی لای خۆیان بڵاوی دەکەنەوە. مەبەستم کە نەتوانرابێ کوردی نووسەکان پەیڕەوی یەک شێوە لە ڕێنووس بکەن، ئەوە برادەرانی ڕامان لە گۆڤارەکەی خۆیاندا هەموو بابەتەکان بە یەک شێوازی ڕێنووس دەنووسن، بەڕای من گرینگ نییە کام ڕێنووس ڕاستترە، گرینگ ئەوەیە یەکگرتوو بێ.

**شەشەم:** کرمەکەی ڕامان، بێ گومان مەبەستم کرمی ئاوریشمە، ئەو کرمەی ئاوریشم دروست دەکات، لە دوای تەواوکردنی کارەکەی دەمرێ. ئەو کرمی ئاوریشمە کەس نییە جگە لە (سەرکەوت وەلی) نەبێ، تا دنیا جێگای دەبێتەوە ڕووناک. قورسە تەمەنمان ڕێگا بدات کرمێکی دیکەی هێندە ڕووناک لە ژیانی خۆماندا ببینینەوە. سەرکەوت-یش تەواو وەک ئەو کرمی ئاوریشمە، نووسین و خەتی هەموو نووسەران دێنێتە سەر شاشە سیحرییەکە، دێڕ دێڕ، ستوون ستوون، پەرەگراف پەرەگراف ڕووناکی خۆی بەسەردا دەڕێژێ، بەو کارەی نەک بابەتەکە، نووسەرەکە پرشنگدار دەکات و لەگەڵ کوژانەوەی کۆمپیووتەرەکەشی ژیان بە بابەتەکان دەبەخشێ و بۆ خۆشی دەمرێ. ئەو سەرکەوتەم دیوە بۆ ساغکردنەوەی بزوێنێک کە (کورتە، یان درێژ) بە پلیکانەکاندا هاتۆتە خوارێ تا لای برادەرەکانی لە ڕاستییەکەی دڵنیابێتەوە. هەر گەلێک دانانی فاریزەیەکی بەلاوە گرینگ نەبێ بەدڵنیاییەوە برینەوەی درەختێک و بەزبڵکردنی وڵاتەکەشی بەلاوە گرینگ نییە.

**حەوتەم:** ئەوەی زیاتر ڕامانی ئاوەدان کردۆتەوە، لاپەڕەکانی درەوشاندۆتەوە، هێڵ و بازنە و چوارچێوە و مۆتیڤە سیحرییەکانی (قەرەنی جەمیل)ـە، من سەرم لەو پیاوە سیحربازە سوڕماوە، بە یەک دوو هێڵ و هەندێک مەرەکەب شێت و شەیدای خۆی کردووم، خراپییەکەش لەوەدایە هەر کەسێک شێت و شەیدام کات و خۆشم بوێ، دڵی لە ئاستم بۆتە بەرد و لێم دوور کەوتۆتەوە، پەنجە و قەڵەمێک کە هەرگیز سەر بەو دنیایە نییە، سەر بەدنیایەکە بە ئیشارەتێک باڵ دەداتە بۆقێک تا بفڕێ، ڕووبارێک تا هەستێتە سەرپێ، بەردێک تا بکەوێتە قسە. ئەوەش بەختەوەرییە ڕوخسارێک بە قەڵەمەکەی ئەو لە مردن ڕزگار بکرێ، یان چاوێک کە بینایی تێدا نەماوە ئەو پڕی کات لە ڕووناکی. پەیکەری ئێسکێک بە هێڵ و بازنە زیندووکاتەوە، شیعرێک لە مۆتیڤەکەی

ئەوەوە بداتە شەقەی باڵ، چیرۆکێک بکاتە شارێک.

**هەشتەم:** هونەری ڕەنگ، باسم ڕەسام، دەروێشی ڕەنگ و جوانی، تەنیا بەدەستی ئەو، تەنیا بە قسەی ئەو، شین و سوور دەچنە سەر یەک مێز، تەنیا بە گەورەیی ئەو ڕەنگە هەرە دژەکان لەسەر بەرگی ڕامان بەرانبەر یەکتر پێدەکەنن و بانگت دەکەن بۆ ناو ماڵی خۆشەویستی، ئەو پیاوەی توانی دیزاینی کتێب بگۆڕێت و ژیانێکی دیکە بە ڕەنگ ببەخشێ، دەرگا و بەرگی ڕامان وەک دەروازەی کۆشکی مەستوورە بۆ خوێنەر دەخاتە سەر پشت. ئەویش هەروا خۆشم ویست و عاشقی بووم، کەچی ئەو دڵ بەردە (کە بۆ هەموو دنیا پەمۆیە) بۆ ئەوەی لە من دوور بێ، ڕۆیشت و تا پشت کێوی قاف ڕانەوەستا. وا زەن دەکەم ڕەنگ لە دەستی ئەو پیاوەوە بە دنیادا دابەش کراوە.

## سوپاس و پێشنیار

من ناتوانم سوپاسی هەموو ئەوانە نەکەم کە لە ڕووی ئیداری و ماڵییەوە لە پشت ڕامانن، کە هەم نەیانهێشتووە بوەستێ و هەم لێگەڕاون خەریکی ئەدەب بێ. ئەو سوپاسەشم بۆ ئەوەیە، کورد ئەدەبیات بە توور و شێلم (مەبەستم کەمالیات) تێگەیشتووە کە تووشی نیگەرانییەکی ئابووری بێت یەکەم جار ملی ئەدەبیات دەقرتێنێ. دەستی هەمووان خۆش کە تا ئێستا ڕامان بەپێوەیە و هەڵیان نەکێشاوە.

گلەییەکەشم هەر بۆ ئەو زاتانەیە:

براینە ئێوە نووسەر بە بەرد و لمی بیابان تێگەیشتوون، پێتان وایە کە دەنووسێ ئیدی ژیانی ناوێ، کە دەنووسێ ئیدی بە (با) دەژیت، دەبوو تا دەچوونە سەر سفرەی هەزار ڕەنگی خۆتان، بتانزانیبا ئەو کەسانەی لە ڕامانیش دەنووسن پێویستیان بە ژیانە، هەر وا ئاسان نووسینتان بێ بەرانبەر نەکردبا، هەر ئاوا ئاسان ئۆکسجینتان لێ نەبڕیبان. هەموو نووسینێک شایانی پاداشتی خۆیەتی، ئەو چەند درهەمەی دەبێ بیدەنێ ژیانی چەندان نووسەر ئەگەر بۆ ڕۆژێکیش بێ ڕووناک دەکاتەوە، بەهەر بیانوویەکەوە بێ، بڕینی پاداشتی ئەوان خەتایە، خەتایەکی گەورەش.

بۆ یەک جاریش بێ بزانن، کە پیرە پیاوێکی پاوەیی، یان گەنجێکی کەلاری بە نووسینەکەی زۆر ماندوو دەبێت و ئەوە ئاوی چاویەتی کە بۆ ڕامانی دەنێرێ، تەنیا پارەی یەک پارووی چەوری ئێوە کە دڵنیام بۆ دڵیشتان خراپە، بەشێک لە مافی ئەوانی پێ دەدرێ، ئەوە جگە لەوەی کە میزاجی بەرزی ئەوان ئەو قسانەی منیان پێ خۆش نییە و ڕوحیان هەر لە هەوایە.

(بۆ خۆم لە ئێستاوە تا هەم لە هەموو پاداشتێکی خۆم لەو گۆڤارە ڕووناکەدا خۆش بووم).